یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆنگرە دەبەستێت و بڕیاری بەشداری نەکردنی لە حکومەت هەرێم دا

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆنگرە دەبەستێت و بڕیاری بەشداری نەکردنی لە حکومەت هەرێم دا.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەممە کۆبوونەوەی لەشاری هەولێر ئەنجامدا و دوای کۆبوونەوەکە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا لە هۆڵی (شەهید فوئاد چەلەبی) لە شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی هادی عەلی و ئامادەبوونی سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانییەکەی کوردستان و شێوازی ئەنجامدانەکەی و دەرئەنجامەکانی، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوو نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر لایەنەکانی دەسەڵات کە جارێکی تر وێڕای بەکارهێنانی سامانی گشتی و دەزگاکانی دەسەڵات لە بەرژەوەندی خۆیان، بەوەش نەوەستان پەنایان بردە بۆ چەندین شێوازی گوشارو ساختەکاری و کاری نایاسایی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و چەند لایەنی تری ئۆپۆزسیۆن، بەو هۆیەوە ڕاستەوخۆ هەر لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان لە لایەن کۆمسیۆنەوە، ئەوەبوو دەزگای هەڵبژاردن و فرکسیۆنی یەکگرتوو لە بەغدا راسپێردران بە بەدواداچوونی ساختەکارییەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەو دیکۆمێنتی

پێویست بە مەبەستی تۆمارکردنی سکاڵاو تانەدان لە ئەنجامەکان.

هەروەک کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوو ئیسلامی جەختی کردەوە لە سەر بڕیاری بەشداری نەکردنی یەکگرتوو لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێم و درێژەدان بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان.

سەبارەت بە کۆنگرەی داهاتووی حیزب، کۆبونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاریدا کۆنگرە لەکاتی خۆیدا پێش کۆتایی ئەمساڵی/2024 ئەنجام بدرێت، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری پێویستی وەرگرت و چەند لیژنەیەکی راسپارد بۆ تەواوکردنی ئامادەکارییەکان بۆ گرێدانی کۆنگرەی نۆیەم لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.